# نیشانەکردنی دەربڕاوەگشتییەکان لەزمانی کوردییدا

بژوێن یەحیا محەمەد
بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی گەرمیان

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (نیشانەکردنی دەربڕاوەگشتییەکان لەزمانی کوردییدا) ئەنجامدراوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی پەسنی شیکارییەو تێیدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر ئەو دەربڕاوانەی، کە لە زماندا واتای گشتێتییان تێدا هەڵگیراوەو بەپێیی سێما واتاییەکان هەریەکەیان کۆمەڵێك نیشانەی واتاییان تێدا هەڵگیراوە، کە هەر دەربڕاوێك یان وشەیەك لەنواندنیاندا ئەو نیشانانە دەردەکەون، کە وشەکە توانای گەیاندنیانی هەیەو ئاخێوەری زمان دەتوانێت هەرجارێك و لە هەر جێکەوتەیەکدا پێویستی بە هەرکام لەو سێما واتاییانە هەبێت بەکاری بێنێت و مارکە/نیشانەی لێبدات و وشەکە بۆ ئەو واتایە بەکاربێنێت کە مەبەستێتی، هەربۆیە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵدراوە ئەو ڕێگایانە دەستنیشان بکرێن، کە بەهۆیانەوە ئاخێوەری زمانی کوردیی دەتوانێت نیشانە لە دەربڕاوە گشتییەکانی زمان بدات و بەرەو تایبەتێتیان ببات، ئەگەر لەڕستەدا تەلیسمە جیاوازو ئاڵۆزەکانی گشتێتیی و دۆزینەوەی فۆڕمە ئاوەزییە ڕاستەقینەکانی چەمکە ڕووتەکانی ئەم چەمکە گشتییانە لە خودی زماندا لێکۆڵینەوەیان تێدا نەکرابێت، ئەوا ناتوانرێت بەئاسانی بەرەو تایبەتێتیی ببرێن.

هەربۆیە گشتێتیی کۆمەڵە داتایەکی مارکەلێنەدراون و خەزنکردنیان ئاسانترە لە کۆگای ئاوەزیی تاکدا، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی وشەکانی زماندا بەڕوونی دیارە، کە زمانی مرۆڤ لەهەموو ئاستەکاندا دەربڕی گشتێتییە، بۆیە گشتێتی گرنگە لەهەردوو ئاستی زمانگرتن و زمانپژانیشدا، ئەویش بەو مانایەی لەسەرەتادا فێربوون و زمانپژان بەگشتێتییەوە دەبەسترێتەوە، هەروەها مارکەلێدان/نیشانەکردن، کە مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەیەو هەنگاونانە لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی، واتە چەمکێك لە گشتێتییەکەیدا زانیارییەك یان ناوەڕۆکێکی فراوانتر دەگەیەنێت لەوشەکانی خوارخۆی، بەو مانایەی مارکەلێدان کردەی تێگەیشتن زیاد دەکات و مارکەلێدان نەبێت پەیوەندییەکان لەگشتێتییدا دەمێننەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەو زمانانەی وشەی مارکەلێدراویان کەمە، زیاتر پشت بە سیستمی دووپەلکی دەبەستن، کەتێیدا کەموکورتیی فەرهەنگیی لە نوادنی ڕێزمانییەکەیدا بە (مۆرفۆلۆژیی ، سینتاکس) پڕدەکاتەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی وشەکانی زمان مارکەلێنەدراون، لەچەند ڕێگایەکەوە زمان هەوڵیداوە تایبەتێتیی بە فۆڕمە گشتییەکان ببەخشێت، بۆنموونە لەڕێگەی دوبارە داڕشتنەوە (پارافرێز)کردن، کە فۆڕمداڕشتنێکە لەئەنجامی ئەو زانیارییە گشتییەوە دادەڕێژرێت، کە ئاخێوەری زمانێك پەیوەست بەجیاکاری نیشانەواتا ییەکان و بچوکترین نیشانەی جیاکەرەوەی وشەکانەوە جارێکیتر فۆڕم دادەڕێژێتەوە، کە زانیارییەکی گشتیی بەدەستەوە دەدەن، بۆئەوەی لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتی ببرێن، پێویستە پارافرێزبکرێن و جارێکیتر فۆڕم بۆ ئەو نیشانە تایبەتییە دابڕێژرێتەوە، کە نیشانەی جیاکەرەوەی فۆڕمەگشتییەکەیە.

به پێی سیمانتیکی پێکهێنان و چەمکی گشتێتیی فۆرمە فەرهەنگییەکان بۆ نیشانەواتاییەکان دادەڕێژرێن، بۆیە ئاخێوەری زمانێك زانیاریی لەسەر نیشانە گشتییەکان هەیە پاشان تایبەتییەکان، هەروەها لەبەرئەوەی لێکسیمەکان بەهەموو زانیارییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا وەك دانەیەکی نادیار (ئەبستراکت)ی فەرهەنگی ئاوەزیی گەنج هەڵگر کراون، بۆیە دەکرێت لەبەکارهێناندا واتاکانیان ڕوونبێتەوە، کە لەناو فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیدا واتا شاراوەکانی ناو لێکسیمێك بەرجەستەدەبن، ئەگەرچی لێکسمەکان نواندنی تایبەتییان هەیەو بە تەنها لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، بەڵام دەکرێت هەندێك لێکسیم نواندنی زیاتری هەبێت، واتە دەکرێت لێکسیمێك لەچەند نواندنێکدا دەربکەوێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستەی کەرەستەیەکی نوێی زمانیدا واتاکەی بگۆڕێت و ببێتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، کە لە ڕێی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و نواندنی سینتاکسیی جیاوازەوە بەرجەستە دەکرێت و بۆ نیشانەدان لەیەکێك لەپێکهاتە واتاییەکانی بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام ئەم بەکارهێنانەوەیە نواندنی لێکسیمە گشتییەکە نییە، بەڵکو مارکەلێدانی یەکێك لەنیشانە واتاییەکانی وشەکەیە، هەر بەمەستی نیشانەکردنی دەربڕاوە گشتییەکان، دەتوانرێت لەڕێگەی میتافۆڕو ئیدیۆمەوە ئەو وشانەی کە پلەدارییان تێدایە نێوانەکانیان پڕبکرێتەوە، هەربۆیە میتافۆڕو ئیدیۆمەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو نێوانانە بەکاردێن، کە لە بنەڕەتدا وشەکە دەربڕی گشتێتییەو لەهەمان کاتدا پلەداریی تێدایە. گەر بڕوانرێتە درێژەی توێژینەوەکە، ڕێگاکانی نیشانەکردنی دەربڕاوە گشتییەکان بەنمونەوە باسکراون و ڕوونکراونەتەوە.

کلیلی وشەکان: گشتێتیی، مارکەلێدان، پارافرێز، لێکسیم

## 1. گشتێتیی و نیشانەکردن/مارکەلێدان (Generalization & Marking):

مرۆڤ هەمیشە هەوڵیداوە زمان بەرەو ئاسانی ببات، هەربۆیە یەك چەمك بەچەندین نیشانەی واتاییەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکات، بۆئەوەی بتوانێت زۆرترین وشە لەفەرهەنگەکەیدا گەنج- هەڵگر بکات، کە ئەمەش بەگشتێتیی لەزماندا ناوزەد دەکرێت، کاتێك ئەم فۆڕمانە بەرەو تایبەتێتیی دەبرێن، کە لەنواندیاندا ئاخێوەری زمان بەپێی مەبەست و پێویستیی خۆی فۆڕمەکە بۆ یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی بەکاربهێنێتەوە، لێرەدا ئاخێوەر هەوڵدەدات مارکە لەیەکێك لە نیشانە واتاییەکانی فۆڕمە گشتییەکە بدات، بەڵام لەناو سەرجەم بەکارهێنانەوەکانی ئەو فۆڕمە زمانیانەدا تەنها یەك فۆڕمیان هەڵگری چەمکی ڕاستەقینەی ئاوەزی مرۆڤە، هەربۆیە دۆزینەوەی ئەم فۆڕمە ئاوەزییانە وەك بنەمایەکی گرنگ نەخشە دەکێشن بۆ تێگەیشتن لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی، ئەگەر لێرەوە بڕوانرێتە قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانپژانی منداڵ دەردەکەوێت، کە دەربڕینی ( تاکە وشەیەك) سەرەتای گەشتی ئەومنداڵەیە لە جیهانی دەربڕینیی هزردا، ئەم قۆناغە ساکارەی منداڵ بەسە بۆئەوەی بیرە سادەکانی پێدەربڕێت، کە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی پێویستن، واتە ئەم(تاکە وشە)یە گرنگە بۆ منداڵەکەو مەبەستی دەربڕینەکەیەتی( ).

دەربڕینی گشتێتیی لە سەرەتای زمانپژانی منداڵدا دەمانگەیەنێت بەوەی، کە بوترێت فەرهەنگی زمانی منداڵ لەڕێگای کەرەستەی سەرەکییەوە (primary data)وە گەشەدەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، ئەو کەرەستانەی دەبنە سەرەکیی، دەربڕی گشتیشن، ئەویش لەبەرئەوەی دەتوانرێت لە کەرەستە کەمە وەرگیراوەکەیدا گشتێتیی خەزنبکات و بەکاریانبیبات( )، دەکرێت ئەوە پەیکاڵی هایپۆنیمی زمانی گەورەکان بێت، کە گشت دەربڕی تاکە، تاکیش دەتوانێت ببێتە دەستنیشانکەری گشتێتییی، بۆنموونە ئەو وشەو زاراوانەی لای گرووپی کۆتربازەکان هەن،

کۆدێکن تەنها ئەو گروپە لێکیدەدەنەوە، ڕوونکردنەوەکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە زمانپژان لە گشتێتییەوە (generalization) بەرەو تایبەتێتیی (specialization) دەستپێدەکات( ).

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە، لەبەرئەوەی فۆرمەکان لەفەرهەنگدا بەگشتێتی هەڵگیراون، بۆیە پێویستە ڕێزمان یارمەتیدەری فەرهەنگی زمان بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمکورتییەی فەرهەنگ توانای دابینکردنی نییە، بۆئەوەی کەرەستەی تەواو بخاتە بەردەستی ئاخێوەری زمانی کوردیی، کە ئەمە بە پێڕەوکردنی سیستمی دوپەلکی دادەنرێت لەزماندا. تاوەکو فەرهەنگ و ڕێزمانی زمان بەیەکەوە بتوانن یەکتری تەواو بکەن، بەلاّم ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە ڕێزمان بە سینتاکس و مۆرفۆلۆژی دەتوانێت فۆرم دابڕێژێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی فەرهەنگی زمان ناتوانێت بەلێکسیێم فۆرمی بۆ دابین بکات، جگەلەوەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بۆ فۆڕمدارشتن کەرەستە لە فەرهەنگەوە وەردەگرن، هەردووکیشیان تەواوکەرو نیشانەکەری ئەو پۆلەڕەگەزانەن، کە چەمکییانە بەواتایەکی گشتییەوە داڕێژراون، چونکە سەرەڕای نواندنێکی فۆڕمی نواندنێکی واتاییشیان هەیە، بۆنمونە مۆرفۆلۆژیی فۆڕمی نوێ دروستدەکات بۆ دەستکەوتنی واتای نوێ، دەبێت لەوە دڵنیابین، کە مۆرفۆلۆژی فۆڕمێك دروست ناکات بەهەمان واتاوە لە فەرهەنگدا هەمانبێت، بۆنمونە/ کچێنی/ ناوێکی واتایی مۆرفۆلۆژییانەیە، چونکە دەتوانرێت بۆ سەگمێنتی مۆرفۆلۆژی جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی بەیەك سەگمێنتیی لە فەرهەنگدا فۆڕمێکمان نییە ئەو واتایە بگەیەنێت، کە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی کچێنیی گەیاندوویەتیی.

سەبارەت بە سینتاکسیش سەرەڕای فۆڕمدارشتنی سینتاکسیی، کە نواندنی زانیارییەکی فەرهەنگییە، سینتاکس تەواوکەری فەرهەنگی گشت زمانێکە، ئەویش لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکەو تێیدا فۆڕم دادەڕێژرێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت ،کە سینتاکسیش بەبەرهەمی زمان هاوشێوەی مۆرفۆلۆژیی بپارێزێت، سەرەڕای ئەوە لە ڕوانگەیەکی ترەوە، سینتاکس ئەو زانیارییە گشتیانە نیشانە دەکات، کە لە فەرهەنگدا بیچمێکی گشتیان بۆ دانراوە یان نرخیان جیانەکراوەتەوە، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە دەبێت، کە فۆرمی (X)یێك زانیاریی تەواوی لەسەر واتاکە تیادا نەبێت و لە بەکارهێنان و سینتاکسدا یەکلا بکرێتەوە، بۆ نموونە ڕەنگەکانی زمانی کوردیی، پەیوەست بەو ڕەنگەی دەیگەیەنن گشتێتیی دەردەبڕن، نیشانەکردن و ڕوونکردنەوەکەی لە سینتاکسدا لە نواندنێکی دەرەکییدا دەکرێت، بۆنمونە /شین/ ڕەنگێکی ئەبستراکتیی فەرهەنگییە، {شینی ئاسمانیی}، {شینی تۆخ}، {شینی کاڵ}، {شینی قەزوانیی}، {شینی بێشکەیی}، لە سینتاکسدا نیشانە کراوە( ).

کەواتە وەك لەسەرەوە باسکرا، گشتێتیی کۆمەڵە داتایەکی مارکەلێنەدراون، بۆیە خەزنکردنیان ئاسانترە، دەبێت ئەوەش بگوترێت و جیابکرێتەوە، کە قۆناغی گشتیی و مارکەلێنەدراوییش لە ڕێزمان و فەرهەنگە گشتییەکەیەوە دەستپێدەکات، ئەو زمانەی، کە منداڵەکە پێش وەرگرتنی زمانی دایك هەیەتی، لە وەرگرتنی زمانی دایکیشیدا، پرۆسەکە دووبارەدەکاتەوە، چونکە وەك چۆن لە ڕێزمانە جیهانییەکەیدا، گشتیێتیی هەیە، لە زمانی دایکیشیدا هەمان شت بەرجەستە دەبێت.

گشتێتی زۆرجار لەناو زمانێکدا کردەکانی تێگەیشتن لەڕێگەی کۆدەکانەوە بەرجەستەناکات، چونکە بۆنمونە گشتێتی لەزمانێدا پەیوەندیی هەمەلایەنی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەدەکات، واتە ئاستێکە بۆئەوەی هەمووومان وەکو کوردێك لە دەربڕاوەکان تێبگەین، تێگەیشتنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستە لەڕێی فۆڕمدارشتنی نوێوە بەرجەستەبکرێت. کردەی لەیەکگەیشتن لەڕێگەی فۆڕمدارشتنەوە بۆئەوەیە، کەلە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی بڕوات و ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، بەتایبەتی لە تابوو و جوانبەخشیندا( ).

کەواتە مارکەلێدان/نیشانەکردن، هەنگاونانەلە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی، واتە چەمکێك لە گشتێتییەکەیدا زانیارییەك یان ناوەڕۆکێکی فراوانتر دەگەیەنێت لەوشەکانی خوارخۆی، بەو مانایەی مارکەلێدان کردەی تێگەیشتن زیاد دەکات و بنەمای هاریکاریی لەنێوان قسەکەرو گوێگردا بۆ لێکدانەوەی

کۆد دەستەبەر دەکات، هەروەها ئەگەر مارکەلێدان نەبێت پەیوەندیەکان لەگشتێتییدا دەمێننەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەو زمانانەی وشەی مارکەلێدراویان کەمە، زیاتر پشت بە سیستمی دووپەلکی دەبەستن، کە لەسەرەوەی باسەکەدا ڕوونکراوەتەوە.

پاش لێکدانەوەکەی سەرەوە دەبێت ئەوە بخرێتە ڕوو، کە بنەمای گشتێتیی و دەربڕینی گشتیی زمان، ناوەڕۆکی فۆرمە زمانیەکان زیاتر دەکات و ئەوەش دەبێتە جێگرەوەی فۆرمداڕشتن بۆ واتای نویٚ و ئەرك دەخرێتە سەر فۆرمە فەرهەنگییەکانی ناو فەرهەنگ، هەروەها لەبەر ئەوەی توانای مرۆڤ بۆ خەزنکردنی کەرەستە دیاریکراوە، بۆیە داڕشتن و نواندنی فەرهەنگیی کەرەستەکان لەگشتێتیدا دەمێنێتەوە( ) .

2. ڕێگاکانی نیشانەکردنی دەربڕاوە گشتییەکان:

دەربڕاوە گشتییەکانی زمان لەچەند ڕێگەیەکەوە مارکە لە نیشانەواتاییەکانیان دەدرێت، بۆیە توژێینەوەکە هەوڵیداوە ئەو ڕێگایانەی بۆ بەرەو تایبەتیی بردنی گشتێتییەکانی زمان دەگیرێتەبەر بەنموونەوە باسیان بکات، وەك لەخوارەوە ئاماژەیان پێدراوە :

2–1/ دوبارە داڕشتنەوە / پارافرەیز(paraphrase):

یەکێك لەو بابەتانەی لەڕێگای دوبارە داڕشتنەوەی فۆڕمەوە دەبێتە هۆکاری نیشانە کردنی دەربڕاوە گشتییەکان لەزمانی کوردیدا پارافرێزە، پارافرێز وەکو زاراوە لەزمانی کوردیدا، (سەرلەنویٚداڕشتنەوە)ی بۆ بەکار هاتووە( )، هەربۆیە پارافرێز فۆڕمداڕشتنێکە لەئەنجامی ئەو زانیارییە گشتییەوە دادەڕێژرێت، کە ئاخێوەری زمانێك پەیوەست بەجیاکاری نیشانەواتاییەکان و بچوکترین نیشانەی جیاکەرەوەیی وشەکانەوە جارێکیتر فۆڕم دادەڕێژێتەوە، بۆنمونە وشەکانی(/کەو /، /پوور/،....)تاد، کە زانیارییەکی گشتی بەدەستەوە دەدەن، بۆئەوەی لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتی ببرێن، پێویستە پارافرێزبکرێن و جارێکیتر فۆڕم بۆ ئەو نیشانە تایبەتییە دابڕێژرێتەوە، کە نیشانەی جیاکەرەوەی فۆڕمەگشتییەکەیە، وەکو(/نێرەکەو/، / ماکەو/)، (/خوشکی دایك /، / خوشکی باوك/)، کە هەموو نیشانەواتاییەکانیان وەك یەکن تەنها یەك نیشانەی بچوك جیایان دەکاتەوە، کەبۆ/ کەو/ ⟫+ڕەگەزەو بۆ/پوور/ ⟪±خوشکی دایك⟫ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە قسەکەر کارامەیی کەسیی پەیوەست بەفۆڕم داڕشتنی زمانەکەوە بەهێزنیە، بەڵام دەتوانێت بەهۆی بچوکترین نیشانەوە، کە لەفۆڕمێکی گشتییدا شارەزایەتی سەرلەنویٚ فۆڕم دابڕێژرێتەوە، ئەمەش لەسەرێکەوە فۆڕمداڕشتنە بۆ بچوکترین نیشانەو لەسەرێکی ترەوە دەربڕی زانیاری گشتی دەبێت لەسەر زمانەکەو فەرهەنگەکە.

لێرەوە دەچینە سەر ئەو پرسیارەی، کە چۆن پارافرێز یەکێکە لەهۆکارەکانی دروستبوونی دووهێندەیی لەزمانی کوردیدا؟ لەوەڵامی پرسیارێکی لەم شێوەیەدا دەوترێت، لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا کۆمەڵێك وشەمان هەیە، کە واتاکانیان زۆر ڕوون نییە بەتایبەتی بۆ منداڵ، کە تازە فێری زمان دەبێت یان بۆ ئەو کەسانەی، کە زمانی کوردی زمانی دووهەمیانە، بۆیە بۆ شیکردنەوەی واتایی وشەکان پەنادەبرێتەبەر دووبارە داڕشتنەوە، چونکە ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی واتای وشەکەو لەئەنجامدا دەبێتە هۆکاری دروستکردنی دووهێندەیی، چونکە وشەکە خۆی لەفەرهەنگدا تۆمارکراوە، جارێکیتر بەهەمان واتاوە دادەڕێژرێتەوە/پارافرێز

دەکرێت، کەواتە دوو فۆڕمی جیاواز یەك واتایان دەبێت، هۆکاری ئەمەش دوو حاڵەت دەگرێتەوە(أ) بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنی گوێگر (ب) دەبێتە هۆی دروستبوونی دووهێندەیی لەزماندا، بڕوانە نمونەی(1):-

1) أ./گوێرەکە/=(بەچکەی مانگا).
ب. /توتك/=( بەچکەی سەگ).
پ. /بەرخ/=( بەچکەی مەڕ).
ت. /جاشك/=(بەچکەی گوێدرێژ).

وەك لەنمونەکانی(1)دا دیارە، سەرەڕای بوونی وشە لەفەرهەنگدا بۆ ناونانی بێچووی ئەو گیاندارانە، کەچی قسەکەری زمان جارێکی تر وشەی داڕشتووەتەوە(پارافرێز)ی کردووە بەرامبەر بەناوی بێچووی هەمان ئەو گیاندارانەوە، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ تێگەیشتن ، وەك لەنمونەکاندا خراوەتەڕوو، هەروەها چەندین نمونەی دیکەی لەوشێوەیە لەزماندا بەدیدەکرێت، سەرەڕای پارافرێزکردنیان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی واتاکانیان، دەربڕی گشتێتیشن و بەمشێوەیە بەرەو تایبەتێتی براون و بۆ بەهای جیاواز نیشانەیان لێدراوە، بڕوانە نمونەی(2):-

2) أ. /خاڵۆزا/=(کوڕ/کچی خاڵ).
ب. /پورزا/=(کوڕ/کچی پور).
ت. /ئامۆزا /=(کوڕ/کچی مام).
پ. /خوشکەزا/=(کوڕ/کچی خوشك).
ج. /کچەزا/=(کوڕ/ کچی کچ).

لەنمونەی(2)دا سەرەڕای ئەوەی وشەکان پارافرێزکراون، لەهەمانکاتدا لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتی ڕۆیشتوون، هەریەکێك لەنمونەکان وەرگرین هەر گشتێتییان دەربڕیوە بۆڕوونکردنەوە(2-أ) وەردەگرین، کە وشەی/خاڵۆزا/یە، گشتێتیی تێدایە، چونکە نازانرێت(کوڕ/کچ)ی خاڵە، بۆیە لەئەنجامی دووبارە داڕشتنەوە نیشانەی لەڕەگەزەکەی داوە، کەواتە دووفۆڕم دروستبووە بۆ گەیاندنی یەك واتا، بۆیە دووهێندەیی دروستکردووە( ).

کەواتە وەك ئاماژەی پێدرا پارافرێز ئەو فرێزانەیە، کە هەمان واتایان هەیە بەداڕشتنی جیاوازەوە، چونکە داڕشتنی پێناسەیەکیی هزریی بۆ پارافرەێز داوای هەمان واتایی سیمانتیکی سنوردارمان لێدەکات. پێناسەکردنی پارافرێز بۆخۆی کارێکی ئاسان نییە، هەروەها بنیادنانیی سیستەمیی پارافرێز کارێکی گرانە، چونکە داوای ناسینەوەی هەمان واتامان لێدەکات. هەروەها وەك لە نموونەکانەوە دەردەکەوێت و بە پێی سیمانتیکی پێکهێنان و چەمکی گشتێتیی فۆرمە فەرهەنگییەکان بۆ نیشانەواتاییەکان دادەڕێژرێن ، بۆیە ئاخێوەری زمانێك زانیاریی لەسەر نیشانە گشتییەکان هەیە پاشان تایبەتییەکان، وەك چۆن بۆ نیشانەی «+ بێچوو» لە (1)دا نموونە خرایە ڕوو.

2-2/ بەکارهێنانەوەی لێکسێمەکان:

لێکسێم، یەکەیەکی سەرەکیی فەرهەنگیی زمانەو دانەیەکی نادیاریی ناو فەرهەنگیی ئاوەزییە( )، لەبەرجەستەکردنیدا لەناو فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیدا واتا شاراوەکانی ناو لێکسێمێك بەرجەستەدەبن،

ئەگەرچی لێکسێمەکان نواندنی تایبەتییان هەیەو بە تەنها لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و هەر لێکسێمێکیش دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێت هەندێك لێکسێم نواندنی زیاتری هەبێت، بە واتایەکیی تر، دەکرێت لێکسێمێك لەچەند نواندنێکدا دەربکەوێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستەی کەرەستەیەکی نوێی زمانیدا واتاکەی دەگۆڕێت ودەبێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانەوەی لێکسێمەکان بۆئەوەیە، کە نیشانەیەك لە نیشانە هەڵگیراوەکانی ناو لێکسێمەکە زەق بکاتەوەو مارکەی لێبدات، وەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە لێکسێمەکان هەڵگری کۆمەڵێك نیشانەی واتایین و بەشێوەیەکی نادیار لە فەرهەنگی ئاوەزییدا هەڵگیراون، بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانەوەی ئەم لێکسێمانەو لە حاڵەتێکی ئەبستراتکەوە بەگوێزرێنەوە بۆ بەرجەستە بەومەبەستەی مارکە لەیەکێك لەو نیشانە واتاییانە بدرێت، کە لە لێکسێمە گشتییەکەدا هەڵگیراون، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە بەکارهێنانەوەی لێکسێم بۆ هەر جارێك بۆ یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی بەکارهێنانەوە لێکسێمە گشتییەکە نییە، بۆنمونە (/منداڵ/، /پیاو/، /ژن/، ...تاد) لێکسێمی سەربەخۆن و لەنواندنی ناوەکی فەرهەنگیدا سەربە کەتیگۆری ناون و بەهۆی بەکارهێنانەوەیان لەنواندنی دەرەکی فەرهەنگیدا بۆ دروستکردنی فۆڕمی نوێ بۆ گەیاندن واتای نوێ و پڕکردنەوەی کەموکورتی ناوەکی فەرهەنگی، بەڵام دەکرێت لەنواندنی دەرەکی فەرهەنگیدا نواندنیی جیاوازیان هەبێت، زۆرجار لەگەڵ نواندنەجیاوازەکانی لێکسێمێکدا دەکرێت، کەتیگۆرییەکەشی بگۆڕێت، بۆنمونە/منداڵ/ناوی ڕەگەزی نێرینەو مێینەی خێزان و کۆمەڵە، واتە دەربڕی گشتێتییە و سیفات و تایبەتێتیی ئەو تەمەنە، پەڕێنراوەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنیی هەڵسوکەوتیی مرۆڤیی گەورە کاتێك، کە دەشوبهێنرێت بە/منداڵ/، لەسەر بنەمای بکارهێنانەوەی وشەکە چەندین وشەو ئیدیۆم و فرێزی چەسپاو پەند سازێنراون، وەك(/منداڵبوون/، /ماڵ و منداڵ/، /منداڵیی/، /منداڵدان/، /منداڵپارێز/، /منداڵانە/، ......... تاد)( )، بڕوانە نمونەکانی ژمارە(3)، کە سەبارەت بەنواندنی وشەی /منداڵ/بەمەبەست و واتای نوێ بکارهاتووە:-

أ. منداڵەکە دەگری.

ب. ئەڵێی منداڵی.

ت. نەوزاد منداڵانە هەڵسوکەوت دەکات.

پ. بە منداڵی ژنی هێناوە.

لەنمونەکانی(3)دا وشەی /منداڵ/ هەرجاری بەشێوازێك خۆی نواندووە بۆ گەیاندنی واتای نوێ، وەك (3-أ) واتای بنەڕەتی گەیاندووە، کە نەوەی مرۆڤ دەگەیەنێت، بەڵام لە(ب،ت)دا ڕستەکە بەرامبەر بەمرۆڤی گەورە وتراوە، کە هەموو سیفاتەکانی منداڵی خراوەتە پاڵ، بەڵام لەنمونەی(پ)دا بەمەبەستی نیشانەدان لەدیاریکردنی تەمەن بەکارهاتووەتەوە، کەواتە هەرچەندە واتای جیاوازی گەیاندووە لە بەکارهێنانەکاندا، بەڵام هەر لەواتای بنەڕەتی وشەکە دوورنەکەوتووەتەوە، چونکە لەهەموویاندا نیشانەی ﴾+ منداڵ﴿ی تێدایە.

هەروەها وشەی/پیاو/سەربە پۆلەڕەگەزی ناوەو لەبنەڕەتدا هەڵگری کۆمەڵێك نیشانەی واتایی بنەڕەتییە، کە ئەویش﴾+مرۆڤ، +نێر، +هەراش، +ژندار﴿ ، هەمبەر بە/پیاو/وشەی/ژن/وەستاوەتەوە، توخمی>پیاو<زانیاریەکی گشتیین و لای ئاخێوەری زمانەکە هەن، بەڵام لەڕستەیەکی لەجۆری>ئازاد پیاوە< دەکرێت قسەکەر بیەوێت مارکە لەو نیشانە واتاییانەبدات، کە ﴾+هەراش، +ژندار﴿ ، نەك ﴾+نێر﴿ ئەویش واتای ڕستەیەکیی لەجۆری>ئازاد کوڕ نییە<دەگەیەنێت( ).

هەروەها وشەی/بەفر/ لە ڕێی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی جیاوازەوە بەرجەستە دەکرێت بۆ نیشانەدان لەیەکێك لەپێکهاتە واتاییەکانی ، واتا بەتۆپیککردنی نیشانەیەکی واتایی وشەی/بەفر بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام ئەم بەکارهێنانەوەیە

نواندنی لێکسێمە گشتییەکە نییە، بەڵکو مارکەلێدانی یەکێك لەنیشانە واتاییەکانی وشەی/بەفرە/ ئەویش نیشانەی ﴾+ڕەنگ﴿ە، لە نمونوەی(4)دا زیاتر ڕووندەبێتەوە:-

4) أ.کراسەکە سپییەکی بەفرینە
ب.ژوورەکە ئەڵێی بەفرە .
ت.ئەم چێشتە وەك بەفر بێتامە .
پ.لۆکەکە نەرمە وەك کلوی بەفر .

ياسای مۆرفۆلۆژی
↙ ↘
ین بەفر

/ بەفر/

+ ڕەنگ
+سارد
-تام
+نەرم

لەنمونەی(4/أ - ب)دا وشەی/بەفر/دووبارە بەکارهێنراوەتەوە بەمەبەستی نیشانەدان لەڕەنگەکەی، کە ڕەنگێکی سپی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە وشەکە بەشکانەوەی مۆرفیمی/-ین/ بەیاسای مۆرفۆلۆژی وشەی/بەفرین/بۆ نیشانەدان لەڕەنگەکەی دروستبووە، هەروەها لەنمونەی(4-ت)دا دووبارە وشەی /بەفر/ بەکارهاتووەتەوە، ئەمجارەیان بۆ بەتۆپیك کردنی یەکێکی تر لەپێکهاتە واتاییەکانی وشەی/بەفر/ ئەویش نیشانەی ﴾+ساردی﴿ە، واتە نیشانە لەپلەی ساردی ژوورەکە دراوە بەئاستی پلەی ساردی/بەفر/، هەروەها بەفر ماددەیەکی بێتامە، وەك لەنمونەی(4-ت)دا بێتامی خواردنەکە بەبەفر پێوانە دەکات، یان ئەوتریَ>تامی ئاوی سارد ئەدا<، چونکە بەفر ئاوی بەستووەو ئاوی ساردیش بەبەفر سارد دەکرێت، کەواتە بێتامە، هەروەها لە(4-پ)دا نیشانە لەنەرمی بەفرەکە دراوە، قسەکەر مەبەستی بەتۆپیك کردنی یەکێك لەپێکهاتەواتاییەکانی/بەفر/ە ،ئەویش نەرمی کلوی بەفرە لەکاتی بارینیدا.

یەکێکی تر لەو نمونانەی بەکاردەهێنرێتەوە هەرجاری بەمەبەستی نیشانەدان لەیەکێك لە پێکهاتە واتاییەکانی وشەکە، وشەی/ئاسن/ە، لەنمونەی (5)دا خراوەتەڕوو:-

5) /ئاسن/
أ- ئاسنین
ب-ئاسنگەر

+ ڕەق
+ کەرەستەی خاو

لەنمونەی (5-أ)دا وشەی/ئاسن/دووبارە بەکارهێنراوەتەوە بۆئەوەی مارکە لەنیشانەی﴾+ڕەقیی ﴿ بدرێت بەیاسای مۆرفۆلۆژیی وشەکە دروستبووە، بەڵام لەنمونەی(5-ب)دا هەر بەیاسای مۆرفۆلۆژیی و بەکارهێنانەوەی وشەی/ئاسن/و شکانەوەی مۆرفیمی/- گەر/ناوی پیشەی دروستکردووە، هەروەها ئەو کەسەی پیشەی ئاسنگەریی هەیە، کەرەستەی خاوی ئاسن بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی پێداویستیی. ئەو سیفەتانەی دەدرێنە پاڵ وشەکان بەپێی کلتور گۆڕانی بەسەردادێت، بۆنمونە وشەی /ئاسن/لەزمانی کوردیدا سیفەتی ﴾+ڕقی﴿ دراوەتە پاڵ، ئەمەش لەڕاستیدا بەپێی ئارەزووی کۆمەڵە، چونکە ڕەقیی تەنها سیفەتێکە/نیشانەیەکەلە نیشانەکانی/ئاسن/، هەربۆیە

وشەی/سەرئاسنین/دروست بووە لەزمانەکەماندا، سیفەتی ڕەقیەکەی دراوەتە پاڵ واتە بەو کەسە دەوترێت کەللەڕەق بێت و قسە قسەی خۆی بێت هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی ئەوە کراوە، کە واتای شاراوە لەلێکسیمەکاندا هەڵگیراون، کە دەکرێت لەبەکارهێناندا ڕوونبببێتەوە، لێکسیم وەك دانەیەکی نادیار(ئەبستراکت)ی فەرهەنگی ئاوەزیی، بۆ نواندنی یەك لێکسیمی لێکسیمەکان لەناو فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستە دەکرێن و دەست دەخرێتە سەر واتاکەی، دەکرێت لەڕێگای چەند نمونەیەکەوە پێشبینی بەکارهێنانەوەی لێکسیمە ئاوەڵناوییەکانیش بکرێت، بۆنمونە /گەورە/ و /بچووك/ فۆڕمێکن بۆ "ئاوەڵناوی قەبارە" داڕێژراون، بەڵام دەکرێت جارێکی تر لەبەرجەستە کردنەکەیاندا ببنە نواندنی چەمکی واتایی دیکەو ببنە بەڕێوبەری لێکسیمەکە، نمونەکانی (6) نواندنی واتایی /گەورە/ و /بچووك/ن:-

6) أ.گەورە ئاو دەڕێژێت، بچووك پێی تێدەخات.
(تەمەن) (تەمەن)
ب.ئازاد گەورە بووە.
(هەم تەمەن و هەم قەبارەی گەورە بووە، دۆخی تەمەنی گۆڕاوە).
ت.ئازاد ئێستا پیاوێکی گەورەیە.
(دەسەڵات)
أ. گوێبگرە پیاوی بچوك .
(بێدەسەڵات و بێکەسێتیی)

[+قەبارە
+تەمەن
+دەسەڵات]

ئەگەرچی لەنمونەکانی(6)دا، ئاوەڵناوەکانی(/گەورە/ و/بچووك/) دەربڕی واتای جیاوازن، بەڵام لەنواندنەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو واتایانە واتای شاراوەی ناو یەك لێکسیمن و لەوشەدا بەرجەستەکراون، واتە تاکە وشەیەك چەند واتایەکی شاراوەی تێداهەڵگیراوە، ئەمەش تەنها قسەکەری زمانەکە هەستیان پێدەکات و دەیانناسێتەوەو شرۆڤەیان دەکات، چونکە جگەلە واتای یەکەمی کەرەستەکە، کە واتا بنەڕەتییەکەی، هەموو واتاکانیی تر خوازراون و لێکدانەوەیان، تەنها لەنواندنە سینتاکسییەکەدا ڕووندەبێتەوە( ) ، کەواتە وەك لەسەرەتای توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، کە سینتاکس یەکێکە لەو ڕێگایانەی، کە ئاخێوەری زمان لەڕێگەیەوە دەتوانێت نیشانەواتاییەکانی ناو فۆڕمێکی زمانەکە بدۆزێتەوەو بزانێت ئەو فۆڕمە بۆ مارکەلێدانی چەند نیشانەی واتایی دەتوانرێت بەکاربهێنرێتەوە.
هەروەها/پرتەقاڵ/ هەڵگری ئەو واتایانەیە، کە بەهەمان بیچم بەکاردەهێنرێتەوە بۆ گەیاندنی هەریەکە لەو واتایانەی بەپێی ویستی قسەکەر، کام واتایەی مەبەستە، ئەیەوێ وشەکە بۆ ئەو واتایەیان بەکاربهێنێتەوەو نیشانە لە یەکێك لە نیشانەواتاییەکانی فۆڕمەکە بدات، بڕوانە نمونەی(7):-

7)- کراسێکی پرتەقاڵیم کڕی. ( ڕەنگ)
- کێکم بە پرتەقاڵ کردووە. (تام)
- ئەم دۆندرمەیە بۆنی پرتەقاڵی لێدێت. (بۆن)

[+ڕەنگ
+تام
+بۆن]

لەنمونەی(7)دا وشەی/پرتەقاڵ/بەکارهێنراوەتەوە بۆ نیشانەدانی ئەوپێکهاتە واتاییانەی وشەکە پێکدێنن، بەڵام هەر جارێك بە پێی ویستی قسەکەر واتایەکی وەرگرتووە، یان بابڵێین نیشانە لەیەکێك لەو واتایانە دراوە، کە لەوشەکەدا بوونی هەیە، وەکو لەنمونەکەدا ئاماژەی پێدراوە( )، هەروەها نواندنی کۆمەڵێك وشەی وەکو( ئاڵتون،

زەیتون، زیو، ...)، بەمەبەستی نیشانەدان لەڕەنگەکانیان، فۆڕمی (ئاڵتونی، زەیتونی، زیوی، ....تاد)ییان دروستکردووە، چونکە ڕەنگەکانی زمانی کوردی فۆڕمیان لەفەرهەنگدا کەمە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، سوود لەوشەکانی زمانەکە وەرگیراوەو جارێکیتر وشەکان خۆیان نواندووەتەوەو مارکەیان لەو ڕەنگە داوە کە فۆڕمەکە لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

2–3/ نیشانەکردن بەئیدیۆمەکان:

ئاخاوتن تەنیا لە وشەو و دەربڕاوو ڕستەی ئاسایی، کە لە کاتی قسەکردندا ڕیز دەکرێن و دەردەبڕێن پێك نایەت، بەڵکو زۆر جار بۆ دەوڵەمەند کردن و دەرخستنی لێهاتووی زمان لە کاتی قسەکردن و تەنانەت نوسینیشدا بەمەبەستی گەیاندنی چڕترین و قوڵترین مەبەست بە کەمترین یەکەی زمانی پەنا دەبرێتە بەر دەربڕاوی ئامادەکراو لە زمانەکەدا کە بە ئیدیۆم ناسراون، ئەم دەربڕاوانە بە مەبەستی کورتبڕی و ئاسانکاری لە وتوێژکردندا بەکار دەهێنرێت.

بەپێی ئەو لێکدانەوانەی بۆ چەمکی ئیدیۆم کراون، ئیدیۆم بەیەکەیەکی زمانیی ئاڵۆز دادەنرێت، لەبەرئەوە بەزۆر تیۆرو ڕێبازی جیاجیا لێی کۆڵراوەتەوەو بەدانەیەکی ئاخاوتنی دانراوە، بەواتا ئیدیۆمیش وەك دەربڕاوە ئاساییەکانی تری زمانەکە پێڕەوی یاساو دەستوری زمانەکە دەکەن و لێی لانادەن و پێکهاتەی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی ئیدیۆم لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی کەرەستەکانی تری زمانەکە چوونیەکە، ئەوەندەنەبێت ئەمان بەهۆی چەسپاوی فۆڕمەکەیانەوە کەمتر گۆڕانیان بەسەردادێت و سنوردارترن و ملنادەن بۆ ئەو کرانەوە فراوانەی کەرەستەکانی تر ڕێگەی پێدەدەن( )، ئیدیۆم وەك دانەیەکی فەرهەنگی، خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەیە، کە دانەکانی دیکەی زمان هەیانە، لەڕووی زمانەوانیشەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە(زنجیرە وشەیەکن لەڕووی واتایی و ڕێزمانییەوە بەزۆری دیاریکراون، بە شێوەیەك وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن). هەر بەو پێیەی ئیدیۆم بەچەشنی یەکە واتاییەکانی دیکە، خاوەنی تایبەتمەندیی واتایی و فەرهەنگییە، بەڵام دەبێت لەڕووی واتاوە ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە( واتای ئیدیۆم لەڕۆنانی ڕێزمانیی و ڕۆنانی واتایی کەرتەکانییەوە نایەت )، بۆیە وەك دانەیەکی فەرهەنگی دەشێت قسەی لەبارەوە بکەین( ).

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا توخمە فەرهەنگییەکان وەك بیچمێك دەردەکەون، بەجۆرێك لەڕێگای بەکارهێنانەکانیانەوە پەی بەواتاکەیان دەبرێت، ئەوە وەك ئەڵتەرناتیڤێکی مۆرفۆلۆژیانەبوو، چونکە مۆرفۆلۆژی لەڕێگەی فۆڕمی جیاوازەوە واتای نوێ دێنێتە فەرهەنگەوە، بەڵام دەکرێت خودی بەکارهێنانەوەی بیچمێك بۆ واتای جیاوازبێت، ئەوەش بەخشکەیی پرۆسێسێکی نواندنەوەی (x0)ەکان دەردەبڕێت( ).

بەڵام ئیدیۆم فۆڕمێکە بۆ نواندنی واتا شاراوەکەی توخمێکی فەرهەنگی، لەوەدا ئیدیۆمەکان دەبن بەتێڕوانینێکی چەسپاو(fixed expression)، کە دوا پێشنیازی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان دەکەن و مارکەیان لێدەدەن، بەجۆرێك وەك لەپاشدا ڕووندەبێتەوە، یان مەودای نێوان ئاوەڵناوەکان دەستنیشان دەکەن، یان دەبنە ئەڵتەرناتیڤی فۆڕمدارشتنی مۆڕفۆلۆژیانە.

وەك ئاماژەی پێدرا، زمان دەربڕی گشتییەو فۆڕمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی دەربڕی گشتێتیین، واتا مەودای نێوان فۆڕمە زمانییەکان و فۆڕمە فەرهەنگییەکان فراوانن، کە دەشێت لەڕێی ئیدیۆمەکانەوە(أ)دەستبخرێتەسەر وردەکاریی فۆڕمێکی فەرهەنگی دەربڕی گشتێتیی، بڕوانە(8):

8)>هەژار<

دەستی کورتە

ئاگر لەماڵیان ناکرێتەوە

لەسەگ سواڵەکا

زادیان ئاوە

کەرلەماڵیا بکەوێ دانی ئەشکێ

< هەژار >

9)<گەرم>

سیتکە ئەکا

داخ بووە

هاتۆتە کوڵ

<گەرم>

10)<ڕووناک>

بزن ومەڕ جیادەکرێتەوە

<ڕووناک>( )

ئەو نمونانەی لەسەرەوە هاتوون گشتێتی و پلەداریی دەردەبڕن، بۆیە لەڕێگەی ئیدیۆمەوە بەرەو تایبەتێتیی براون و نێوانەکانیان پڕکراوەتەوە، واتە لەنێوان(<هەژار>............<هەژار>)دا پلەی هەژاری هەیە وەك لەنمونەی(8)دا بەئیدیۆم، مارکە لەئاستی هەژارییەکە دراوە، هەروەها /سوتان/یش دەربڕی گشتێتییەو پلەی سوتانەکەی نیشانە نەکراوە، دیاریکردنی پلەی گەرمی لە(9)دا دیارە، توانراوە بەمیتافۆڕ مارکە لەپلەی گەرمییەکە بدرێت، هەروەها لە(10)دا بۆ نیشانەدان لەپلەی ڕووناکییەکە، سوود لەئیدیۆم وەرگیراوە، کە ئەزانرێت تاریکی نەماوەو ڕەش و سپی جیائەکرێتەوە.

2–4/ نیشانەکردن بە میتافۆڕەکان:

میتافۆڕ ئەو وشەو دەربڕینانەن، کە بەواتای فەرهەنگیان بەکارنایەن دەبنە ئاماژە بۆ واتاو مەبەستی خوازراو، زمانی میتافۆڕی ڕێگە دەدات، کە قسەکەر واتایەك یان مەبەستێك بە وشەو دەربڕینێك دەربڕن، کە واتای فەرهەنگی نەگەیەنێت( )، لەمیتافۆڕدا دوو کەتیگۆریی لەکاردان، یەکێکیان ئەوەیەکە وشەکەی لێوەرگیراوە، ئەوەی تریان ئەوەیە کە تیایدا بەکارهێنراوە( ).

لێکۆڵنەوەکە وای بۆدەچێت، میتافۆر لەنیشانە شارەوەکانی فۆرمێکی فەرهەنگیی(X0)ەوە، کە زیاتر بۆ نیشانەکردنی مەوداکانە، چونکە میتافۆرەکانیش بەهەمان شێوە مارکە لێدەدەن و جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانەن، بەپێی سیماتنتیکی پێکهێنان بۆ نیشانەیەکی سەرەکیی دەردەبڕێت( )، ( لەتیۆری سیمانتیکیدا میتافۆڕ بەدیاردەیەکی نائاسایی دادەنرێت، کە پێویستە پشتگوێبخرێت، چونکە ناچێتە ژێرباری یاسا تایبەتییەکانی ڕێزمانەوە)( )، واتە لەبەکارهێنانەدا واتاکەی ڕووندەبێتەوەو واتای پێدەردەبڕدرێت. پەیوەست بەسەرەتای توێژینەوەکەوە، کە مەودا فراوانیی و گشتێتی لەنواندنی واتایی فەرهەنگیی پۆلەڕەگەزەکاندا وادەکات، ئاخێوەری زمانێك نیشانەی واتایی

فۆرمێکی تر بۆ نیشانەکردن باکاربهێنێت، بۆ نموونە لە/کۆمپیوتەر/ واتای (ژیریی و خێرایی و وردیی) بڕوانە نموونەی(11 –أ)، لە/تەیارە/ واتای (خێرایی و زووگەیشتن) بڕوانە نموونەی (ب)، لە/ شێر/ (ئازایەتیی) بڕوانە نموونەی (ت).....ئەوانە ئەو واتایانەن، کە لە نواندنیی فۆرمیی و واتایی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکەدا بەدیناکرێن، بڕوانە هێڵکاریی (1):–

11)أ. خوێندکارەکە ئەڵێی کۆمپیوتەرە.

ب.وەك تەیارە هاتەوە . وەك گولە دەرچوو.

ت.پێشمەرگەکان وەکو شێرن.

هێڵکاری (1):–

| | | |
|---|---|---|
| زیرەك A0 | ئازا A0 | خێرا A0 |
| کۆمپیوتەرN0 | شێر N0 | تەیارە N0 |
| | | گولە N0 |
| زیرەكA0 | ئازا A0 | خێرا A0 |

هێڵکاری(1)بۆ نیشانەکردنی ئەو گشتێتیی و پلەدارییەیە، کە لەئاوەڵناوەکاندا هەن، بەڵام گەر سەرنجی بدرێت، مەوداکانی نێوان(A0)ەکان بە(N0)و نیشانە پڕدەکرێنەوە، هەروەها پەیوەست بە بەکارهێنانەوەی فۆڕمە فەرهەنگییەکانی زمان، لەبەرئەوەی میتافۆر پرۆسەی بەکارهێنانەوەی فۆرمی فەرهەنگییە بۆ نواندنی واتایی، بۆیە دەبێتە جێگرەوەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، کە ئەوان بە داڕشتنی فۆرمی نوێ واتای نوێ بەرهەمدێنن. واتە نموونە لەبری ئەوەی بۆ یەکێك لەپلەکانی (زیرەکیی)یان (ئازایی) فۆڕمداڕێژرێت، /کۆمپیوتەر/و /شێر/ بەکاردەهێنرێتەوە. سەبارەت بە فۆرمەکانی ناو فەرهەنگ بۆ چەمك و بیرکردنەوەی پێش–فەرهەنگیی و بۆ نیشانەیەکی واتایی وشەیەکی گشتیی ناو فەرهەنگ دادەڕێژرێن، بۆیە میتافۆر لەو جۆرانەیە، کە بۆ نیشانەی واتایی وشەیەکی فەرهەنگیی دادەڕێژرێن و لەهەناوی ئەوانەوە دێنە دەرەوە.

هەروەها هەندێك میتافۆردەتوانێت بچێتەناو بەشە تایبەتییەکانی ڕستەوە( )، لە ڕاستییدا میتافۆر لەو جۆرە تەرزەی زمانە، کە ئاخێوەری زمان و بەتایبەتیش شاعیران توانای داهێنانیان هەیە تێیدا، کە لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی دەقێك و زۆر بەکارهێنانی بڵاودەبێتەوەو وەك هەر واتایەکی تری فەرهەنگیی لەلای ئەخێوەرانی زمان دەناسرێتەوە. بڕوانە نمونەی(12):

12) أ. لانە مانگە.

ب. نەسرین دەڵێی گوڵە.

ت. بە ڕاستی نەوزاد ڕێوییە.

پ. گۆشتەکە ئەڵی تویێی ئاوە.

لەنمونەکانی(12)دا، وشەکان بۆ واتای خوازراو بەکارهاتوون، خۆیان لە بنەڕەتدا(N0)ن و سەربە کەتیگۆری ناون، بەڵام لیرەدا واتای میتافۆرییان وەرگرتووەو لەجێکەوتەی ئاوەڵناودا بەکارهاتوون، بۆیە واتای بنەڕەتیان لەدەستداوە، وەك لەنمونەی(12–أ)دا، /مانگ/بەواتای بنەڕەتی نەهاتووە، چونکە لەگەڵ بکەری ڕستەکەدا ناگونجێت (لانە) تەنها ناوێکە، بۆیە دەبێت/مانگ/ واتای میتافۆرییەکەی وەربگرین، هەروەها لەکەتیگۆریی ناوەوە چووەتە

کەتیگۆری ئاوەڵناو، چونکە وەسفی ناوەکە دەکات و لەکۆی پێکهاتە واتاییەکانی وشەکە مارکە لە﴿+جوانی﴾دراوە، لەنمونەی(12/ب–ت)دا /گوڵ/و /ڕێوی/ میتافۆرن و ئاخێوەری زمانەکە وەك زانیارییەکی واتایی دەیانناسێتەوە( )، دەزانێت /گوڵ/ بۆ یەکێك لە واتاکانی ﴿+جوان﴾و /ڕێویی/ش بۆ یەکێك لەواتاکانی ﴿+فێڵباز﴾ نیشانەکراوە، سەبارەت بە(83–پ) {تویێی ئاو} بۆ نیشانەی ﴿+ناسك﴾ وەرگیراوەو پلەداری ناسکییەکەی نیشانەکراوە، بۆ نیشانەدان لەپلەداری ئەو ئاوەڵناوانەی لەنمونەکەدا هاتووە، بڕوانە هێڵکاری(2):–

| | | |
|---|---|---|
| 2) جوان A0 | ناسك A0 | فێڵباز A0 |
| گوڵ | تویێی ئاو | ڕێویی |
| مانگ | پەڕەی گوڵ | گرەو لەشەیتان ئەباتەوە |
| جوان A0 | ناسك A0 | فێڵباز A0 |

ئەوەی لەهێڵکارییەکەدا خراوەتەڕوو، پڕکردنەوەی نێوانی(A0)ە، بە(N0)و میتافۆڕو ئیدیۆم، بۆئەوەی نیشانە لەپلەی دیاریکراوی ئاوەڵناوەکان بدرێت، چونکە/جوان/، /ناسك/، /فێڵباز/دەربڕی گشتێتیین و ئاوەڵناوەکە ناتوانێت ئاستی پلەدارییەکەی دەستنیشان بکات، بۆیە ئەو وشانەی، کە نیشانەیەکی واتاییان تێدایە لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا یەکدەگرێتەوە، بەکارهێنراون بۆ دەستنیشانکردنی پلەی ئاوەڵناوەکە، وەك لەسەرەوە خراوەتەڕوو.

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:–

1– زمانی کوردیی یەك چەمك بەچەندین نیشانەی واتاییەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکات، بۆئەوەی بتوانێت زۆرترین وشە لەفەرهەنگەکەیدا گەنج– هەڵگر بکات، کە ئەمەش بەگشتێتیی لەزماندا ناوزەد دەکرێت، هەربۆیە گشتێتیی کۆمەڵە داتایەکی مارکەلێنەدراون و خەزنکردنیان ئاسانترە لە کۆگای ئاوەزیی تاکدا، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی وشەکانی زماندا بەڕوونی دیارە، کە زمانی مرۆڤ لەهەموو ئاستەکاندا دەربڕی گشتێتییە.

2– ئاخێوەری زمان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کردەی تێگەیشتن هەوڵدەدات ئەم فۆڕمە گشتییانە بەرەو تایبەتێتیی ببات، کە لەنواندیاندا ئاخێوەر بەپێی مەبەست و پێویستیی خۆی فۆڕمەکە بۆ یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی بەکاربهێنێتەوە، لێرەدا ئاخێوەر هەوڵدەدات مارکە لەیەکێك لە نیشانە واتاییەکانی فۆڕمە گشتییەکە بدات، بەڵام لەناو سەرجەم بەکارهێنانەوەکانی ئەو فۆڕمە زمانیانەدا تەنها یەك فۆڕمیان هەڵگری چەمکی ڕاستەقینەی ئاوەزی مرۆڤەو گشت نیشانەکانی تێدایە هەڵگیراوە، واتا هەموو بەکارهێنانەوەکانی تری فۆڕمەکە تەنها بۆ گەیاندنی یەك نیشانەی واتایی بەکاردەهێنرێنەوە، ئەگەرنا هیچیان لە بەکارهێنانەوەدا فۆڕمە گشتییەکە نیین، بەڵکو وێنەیەکی فۆڕمە گشتییەکە بۆ مارکەلێدانی یەك نیشانەی واتایی ناو فۆڕمەکە.

3– پێویستە ڕێزمان یارمەتیدەری فەرهەنگی زمان بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمکورتییەی فەرهەنگ توانای دابینکردنی نییە، بۆئەوەی کەرەستەی تەواو بخاتە بەردەستی ئاخێوەری زمانی کوردیی، کە ئەمە بە پێڕەوکردنی سیستمی دوپەلکی دادەنرێت لەزماندا. تاوەکو فەرهەنگ و ڕێزمانی زمان بەیەکەوە بتوانن یەکتری تەواو بکەن.

4– هەندێك فۆڕم هەن لەزماندا سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدرێت لەڕێگەی دوبارە داڕشتنەوەوە واتاکانیان ڕوونتر بکرێتەوە، لەهەمانکاتدا داڕشتنەوەکە دەبێتە هۆی مارکەلێدانیان، چونکە لەناوەڕۆکییاندا هەڵگری واتای گشتیین.

5- دەکرێت لێکسێمێك لەچەند نواندنێکدا دەربکەوێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستەی کەرەستەیەکی نوێی زمانیدا واتاکەی دەگۆڕێت ودەبێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانەوەی لێکسێمەکان بۆئەوەیە، کە نیشانەیەك لە نیشانە هەڵگیراوەکانی ناو لێکسێمەکە زەق بکاتەوەو مارکەی لێبدات.

6- توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە سەرەڕای ئەوەی فۆڕمە فەرهەنگییەکانی زمان دەربڕی گشتێتیین، لەهەمانکاتدا هەندێك فۆڕم لەزماندا هەن پلەدارییان تێدایە، بۆیە ئاخێوەری زمان هەوڵیداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئیدیۆم و میتافۆڕەوە مارکە لەپلەداریی ئەو فۆڕمانە بدات.

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردیی:


1- بەکر عومەر عەلی (2000)، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.

2- بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2011)، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ31.

3- بێستوون حەسەن ئەحمەد (2011)، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.

4- شاخەوان جەلال فەرەج (2011)، تابۆ وەك نمونەیەکی نێوان زمان و کلتور، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

5- شێروان حسێن خۆشناو (2011)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

6- شیلان عومەر حسەین (2009)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

7- شیلان عومەر حسەین (2012)، مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ35.

8- عەبدولواحید موشیر دزەیی (2015)، زانستی سیمانتیك، چاپی یەکەم، هەولێر.

9- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2016)، لێکدانەوەی تاف وکات لە زمانپژانی منداڵدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ38 .

10- عەبدلجەبار مستەفا مەعروف (2015)، لێکدانەوەی تاف و کات لە زمانپژانی منداڵی کورددا، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی.

11- عەبدلجەبار مستەفا مەعروف (2015)، لێکدانەوەی تاف و کات لە زمانپژانی منداڵی کورددا، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی.

12- فاروق عومەر سدیق (2011)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

13- کاروان عومەر قادر (2008)، ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

14- محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما "هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم ودووەم، سلێمانی.

15- محەمەدی مەحوی (2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردی)، بەرگی یەکەم، سلێمانی.


### بەزمانی ئینگلیزیی:


16- Cook V.J • Newson M.L (1997), chomsky's universal grammar, oxford.

**پێگەی ئینتەرنێتیی:**

https://www.google.com/search?tbm=bks&q=lexm#q=lexeme+definition 17

http://www.semanticsarchive.net/Archive/mQ4MDYwZ/metaphorlexsem.pdf 18

https://www.researchgate.net/profile/Peter_Gaerdenfors/publication/226335712Mental_representation_19
conceptual_spaces_and_metaphors/links/0fcfd5093b2bdaeb2d000000.pdf